# میترائیزم

## کۆنترین و دێرینترین ئایین و کولتووری کوردەواری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

هەیاس مەحموود کاکەیی

### پێشەکی

ئەگەر لە مێژووی دێرینی کورد و کوردستان وردبینەوە، ئەوە دەبینین بە درێژایی چەرخەکان تا دەگاتە سەردەمانی نزیک، زۆر زوڵم و نادادی کراوە، بەڵکو دەکرێت بەرانبەر کولتوور و شارستانیەتە دێرینەکانی میللەتەکەمان، بەشاردنەوە و لەناوبردن و شێواندن و ناوزڕاندنی هەڵکەوتوانی ئایینی و کۆمەڵایەتی کولتووری نەتەوەکەمان، بەڵکو بە درێژایی هەزاران ساڵ هەوڵ دراوە بۆ دوورخستنەوەی تاکی کورد لە بیرو هزری کولتووری نەتەوەیی و لە بیربردنەوەی و ناشیرین کردنی ڕوخساری و نیشاندانی بە شێوەیەکی قێزەوەن، تا بە هیچ شێوەیەک جەسارەت نەکات باسی لێوە بکات، یان شانازی پێوە بکات.

ئاشکراترین بەڵگە بۆ ئەوەی سەرەوە باسمان کرد ڕێککەوتنی (سایکس بیکۆ)یە، کە لە ڕێککەوتی ١٦ مایسی ساڵی ١٩١٦ز لە قاهیرەی پایتەختی میسر بەسترا، لە نێوان ئەوانەی سوودیان لێ وەرگرتبوو. بڕیار درابوو کە کورد بێ بەش بێت لە مافی سیاسی، ڕۆشنبیری و کولتووری(١)، کەچی لە کولتووری کوردەواریدا کە هەزاران ساڵ لەمەوبەر لە ناوچەکەدا لە خاکی ئێران و کوردستان بە تایبەت ئایینی یەکتاپەرستی و پڕ دەستووری کۆمەڵایەتی پرشنگدار و ڕێوڕەسمی پیرۆزی پڕ شەقڵ خۆی نواندووە و سنووری ناوچەکەشی بۆ ناوەڕاستی ئاسیا و ئەوروپا و باکووری ئەفریقیا تێپەڕاندووە، ئەوە سەرەڕای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە تا ئێستاش لەو ناوچانەدا شوێنەوار و ئاسەواریان بەدی دەکرێت و دەدۆزرێنەوە، سەرەڕای کاریگەرییان لەسەر ئایینەکانی دەوروبەری و هی تر و لەسەر کۆمەڵگاکاندا،

که به زەقی کاریگەرییان دەردەکەوێت.

لەبەر گرنگی ئەم بابەتە و وەک ئەرکێکی ساکاری نەتەوەیی ئەم باسەم ورووژاند، بەڵکو ببێتە هاندەرێک بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و بایەخی زیاتر بە کولتووری دێرینی نەتەوەکەمان بدرێت.

## میترائیزم

ئەوەی مێژووە کۆنەکانی باوانی کورد لە رێگای ئاسەوارە بەجێ ماوەکانەوە کە بوونی خێڵە ئارییە ئێرانییەکان (ماد، فارس) دەریدەبڕن، بۆ (٦٠٠٠) ساڵ پێش زایینی دەگەڕێنەوە کە لە ناوچەی سیبریاوە هاتوونەتە ئێران، وەک عەبادانی (٢) و بەهمەنی بەهرامیش (٣) دەڵێت: کورد قەومی ئارین، پێش زیاتر لە دوو هەزار ساڵ پێش زایینی هاتوونەتە کوردستان و ئاسەواری شارستانییان بەجێ ماوە، کەچی محەمەد مەردۆخ (٤) دەڵێت: کورد نزیکەی ٣٤٠٠ ساڵ پێش زایینی بە کۆچ و بڵاوبوونەوە ناچار بوونە و نزیکەی ٢٤٠٠ ساڵ پێش زایینی ئارییەکانی هیند و ئێرانی زمانێکی هاوبەشیان هەبووە، بەڵام د. جەمال نەبەز(٥) دەڵێت: کوردستان بنکەی فەرهەنگی وەک ڕامانە کۆنەکانی هیند و ئارییەکان بووە. عەبادانیش(٦) دەڵێت: ئارییەکان چەند خێڵێکی گەڕۆک و کۆچەری و داگیرکەر بوون، بەر لە ٢٥٠٠ ساڵ پێش زایینی هاتنە ئێران، کەچی ئەم وتەیەی لەگەڵ ئەوەی پێشوو یەک ناگرێتەوە کە دەڵێت بوونیان بۆ ٦٠٠٠ ساڵ پێش زایینی بەپێی ئاسەوارە بەجێ ماوەکانیان لە ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە. شەریف فەلاح(٧) دەڵێت: مێژووی لەدایکبوونی زەردەشت لە ساڵی ٦٥٠٠ پێش زایینی بووە، واتە پاش تۆفانی نووح وەک لە رۆژنامەی (ئەلجمهووریە)ی(٨) بەغدادا هاتووە هەروا پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکات، بە پێی نووسین و بۆچوونی بیرمەندانەوە وەک ئەگزانی کۆنترین نووسەری یۆنانی، ئەفلاتوون، ئەردەشێر خەبەرداری بیرمەندی پارسی زمان، بارۆن بیرمەندی ئەڵمانی، ڤۆڵتێر فەیلەسووفی فەرەنسی و هی تر کە هەمان بیروڕایان دەربارەی زەردەشت هەیە، ئەوجا شەریف فەلاح (٩) پشت بە کتێبی ئەستیرەناسەکان دەبەستێت و بەشێوەیەکی وردتر مێژووی لەدایکبوونی زەردەشت لێک دەداتەوە و دەڵێت: لە دایکبوونی زەردەشت لە ماوەی (٢٧١٥ ساڵ) و شەش رۆژ پاش مێژووی ڕووداوی تۆفانی نووح بووە و (١٠٢١ ساڵ) پێش لە دایکبوونی یەزدەگرد بووە کە لە ساڵی (٥٠٢٥ پ.ز.) لەدایک بووە، واتە لە دایکبوونی زەردەشت دەکاتە (٦٠٣٦ ساڵ پ.ز).

بە پێی ساڵنامەی فریباتی دەبێ ئەم ساڵ لە ساڵی ٣٧٤٧ ئایینی زەردەشت بێت، کە زەردەشت لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا ١٠ ساڵ بووە چووەتە خەڵوەتەوە بە پەیامی یەزدان شادبووە. "(فەلەکەددین کاکەیی)"(١٠)

ئەگەر چل ساڵ کۆ بکەینەوە، لەگەڵ ٣٧٤٧ دەکاتە ٣٧٨٧ ساڵ مێژووی لە دایکبوونی زەردەشت، ئەمەش لەگەڵ بۆچوونی شەریف فەلاح یەک ناگرێتەوە کە مێژووی لە دایکبوونی زەردەشت بە ٦٠٤٦ ساڵ پ.ز دادەنێ مەزندە دەکات. دوور نییە ئەو مێژووەی شەریف فەلاح دەرکەوتنی میترا بێت و ئایینی میترا پێش کۆچ کردنی ئارییەکان بۆ ناوچەکە بوونی هەبووبێ.

خواکانیان میترا، هەروا (هورییەکان) میتانییەکان و هیتانییەکان بوو.

هەروا شەریف فەلاح دەڵێت(١١): پێش ئەوەی کولتووری میسر و بابل سەرهەڵدەن و پەرەبسێنن، ئێرانییەکان لە سەردەمی پیشدادییەکان و کەیانییەکاندا بە پێی ئەو بەڵگە و دەقانە لە (١٠٠٠٠) ساڵ پێش دەمژمێریان هەبووە و ڕۆژژمێر و مێژوویان بەکارهێناوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ناوچەکە ئاوەدان بووە و سیستمێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆیان هەبووە، جگە لە کولتوور و دابونەریتی خۆیان.

واتە لێرەوە بۆمان دەردەکەویت پێش کۆچکردنی ئارییەکان بۆ ئەو ناوچانە، خێڵی تر لە باوباپیرانی کورد هەبوون، زۆریش دوور نییە مێژوونووسان و نووسەران هەندێ جار تێکەڵاوی لە نێوان زەردەشتی و میترائیزم و دەرکەوتنی میترا بکەن، چونکە میترائیزم زۆر پێش زەردەشتی دەرکەوتووە، هەروا زۆر تێکەڵاوی لە نێوان پیر و موغەکانی هەردوو ئایین لە ناوچەکە دەکرێت، چونکە بە پێی مێژووی محەمەد مەردۆخ لا ٥٠ سێ زەردەشت هەبوونە، زەردەشتی یەکەم (٣)سێ هەزار ساڵ پێش زایینی پەیدابووە، دووەمیان ٢٢٠٠ ساڵ پێش زایینی، سێیەم کە لە سەدەی حەوتەمی پێش زایینی دەرکەوتووە. دوور نییە دەرکەوتنی میترا لە ٦٠٠٠ ساڵ

پ.ز بێت کە دواجار ئایینی زەردەشتی لە نێو میترائیدا وەک ڕیفـۆرمـێک سـەری هەڵدا بێت، چونکە زۆر لە کەسایەتییە پیرۆزەکانی میترائی کەوتوونەتە ناو کەسایەتییە پیرۆزەکانی زەردەشتی، بەڵام بە پلەیەکی نزمتر. هەر چۆنێک بێت کۆچکردنی ئارییەکان و بوونیان لە هیند و ئێران خاوەن هەمان کولتوور و زمان بوونەو لەگەڵ خۆیان هێناویانە بۆ ناوچەکە کە لێی جێ نشین بوونە، لەگەڵ خێڵ و عەشیرەتەکانی ناوچەکە گونجاون و لە ناوچەکەدا تواونەتەوە، بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم بە هۆی هاوبەشییان لە زمان و کولتوور، ئەوەیش مـێژووی چاخە بەردینەکان دەیسەلمێنێت وەک لە ئاسەوارەکانیاندا بە جێ ماوە کە نیشانی دەدا ناوچەی کوردستان و ئێران ناوچەیەکی جێ نشینی کۆمەڵە مرۆڤێک بوونە مێژوویان بۆ دە هەزار ساڵ پێش زایینی دەگەڕێتەوە وەک د. ئەحمەد مەحموود خەلیل (١٢) ڕوونی دەکاتەوە، هەرچەندە لە سەرەتاوە ڕووداوە سروشتییەکانیان پەرستووە. بەهمەنی بەهرامی دەڵێت (١٣): ئەگەر دوو میللەت، یان خێڵ، یان کۆمەڵ هۆکاری هاوبەشییان نەبێت وەک کولتوور و زمان و...تاد، ناگونجێن و تێکەڵ بەیەکتر نابن، یان پێکەوە ناژین.

لە ناو ئەو کولتوورە کە هەبووە ئایین و ئایینی میترائیزم کە ئەو خێڵە ئارییانە لەگەڵ خۆیان بۆ ناوچەکەیان هێناوە، (هیند و ئێران) مەبەست لە ئێرانیش وڵاتی (ماد و فارس)ە. (میترا)ی داهێنەر، پەرەپێدەری ڕێوڕەسمی میترائیزم بووە، کە بڕوایان بە (میهر) هەبووە وەک خوای گەورە و بەهێز، یان بەخوای میهر، دووریش نییە پێش هاتنی ئارییاییەکان لە ناوچەکەدا بنەمایەکی هەبووبێ، بۆیە بە ئاسانی پێکەوە گونجاون و ژیاون. وەک عەبادانی دەڵێت: ئێرانییە کۆنەکان باوەڕیان بە چەند خوایەک هەبووە، بەڵام بڕوایان بە خوای خواکانیش (ئیزی- ئیزیدییەکان هەبووە)، واتە خوای تاک و تەنیا.

هەرچەندە ئێرانییەکان بە گشتی لەسەرەتاوە بڕوایان بە چەند خوایەک هەبووە، بەڵام لە ناو خواکانیاندا شتی نەشیاو نەبووە. هەروەک بەهمەنی بەهرامی لە زمانی (کتێبی مێژووی دە هەزار ساڵەی ئێران)دا دەڵێت(١٤): ئارییەکان سەرەتا شتە سروشتییەکانیان پەرستووە وەک خۆر و مانگ و ئاسمان و قوربانییان بۆیان داوە. د. ئەحمەد مەحموود خەلیل دەڵێت(١٥): ئایینی ئارییەکان خواکانیان گیانلەبەر و شەیتانی بە شێوەی گیانلەبەر تێدا نەبووە.

پاشان لە دەرکەوتنی میترا و ئایینی میترائیزم خواکانیان لە خوای (میهر) و (میهر، یان خۆر) چڕ کردوەتەوە، یان وەک شتێکی پیرۆز داناوە، کە لە ئەفسانەکانیاندا بەڕوونی دەردەکەوێت، بۆیە پێیان وتراوە ئاری (واتە ئاری نەژاد)، چونکە ئاگر دۆست بوونە، یان ئاگر و هەتاو (خۆر)یان بە پیرۆز زانیوە، چونکە بەپێی بڕوای خۆیان کە میهر وەک نوور (ڕووناکی) پەیدابووە و ئێزیدی ئێزیدییەکان ڕووناکییە، بۆیە هەر سەرچاوەیەک ڕووناکی بووبێت بە پیرۆزیان زانیوە، بۆ نموونە: خۆر، ئاگر، برووسک...تاد. ئیبراهیم داقووقی دەڵێت(١٦): مەغۆلەکان لە ئاسیای ناوەڕاست سەرەتا ڕووداوە سروشتیەکانیان دەپەرست، پاشان لە بڕوای ئایینی (شامانی)دا چڕبوویەوە و خوایەک لە ڕۆژهەڵاتدا (جێگای ڕۆژهەڵاتن) هەبووە، لە ناو خۆرەوە دەروانێتە جیهان بۆ بڵاوکردنەوەی ئاشتی و خێر بەسەر مرۆڤایەتیدا، بۆ زیاتر ڕوون بوونەوە د.جەمال ڕەشید دەڵێت(١٧): کاتێ هێرشی مەغۆل و تورک دەستیان بەسەر ئێراندا گرت و ئێران شکا، قەشە کریستیانەکان هەوڵیان دەدا بناغەی ئایینی شامانی لە نێوانیاندا لابەرن، شامانی هاوشێوەی میترائی بوو. ئەم بڕوایەش بۆ ئایینەکانی نەتەوە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆن گوێزرایەوە. ئەم بۆچوونە هەمان بڕوا و بۆچوونی میترائیزمە، چونکە ئارییاییەکان و مەغۆلەکان لە دەشتاییەکانی ئاسیای ناوەڕاست هاوسنوور بوونە، پێ دەچێت هەر هەمان بڕوای ئایینییان هەبووبێت و لە کاتی کۆچکردنیان لەگەڵ خۆیان بۆ ناوچەکەیان گواستووەتەوە.

لای مەغۆلەکان ناوی لێ نرابی (شامانی) و لای ئارییەکانی هیند و ئێرانی ناونرابێ (میترائیزم)، چونکە بە وردبوونەوە هەمان بناغەی بیروباوەڕە. د. ئەحمەد مەحموود خەلیل دەڵێت(١٨): ئارییەکان لە ئاسیای ناوەڕاست کە تووشی وشکە ساڵی و ناڵەباری کەشوهەوای ناوچەکەیان بوون، هاتوون بۆ باکووری هیندستان و ڕۆژئاوای ئاسیا.

ئەم بۆچوونەش هۆی کۆچکردنی ئارییەکان لە ژیانێکی

ناوچەیی نالەبار بۆ ژیانێکی ناوچەیی گونجاو دەردەبڕێ، لەگەڵ گواستنەوەی دابونەریت و کولتوور، لەنێو کولتووریشدا بیروباوەڕی ئایینی. وەک محەمەد مەردۆخ دەڵێت(١٩): ئابادیان (مەئاباد) یەکەم پێغەمبەری ئاسیای ناوەڕاست بووە و کتێبی دەساتیر بۆ ئەو دەگەڕێتەوە. ئەم جۆرە بۆچوونە دەسەلمێنێت کە لە ئاسیای ناوەڕاست بیروباوەڕی تایبەت هەبووە، دانیشتوانەکەی کە دواتر گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە گوێزراوەتەوە، لەگەڵ کۆچکردنیان بۆ ئەو ناوچانەی بۆی ڕۆیشتوون و لێیان نیشتەجێ بوون. هەروا محەمەد مەردۆخ زیاتر ڕووناکی دەخاتە سەر ئەوەی پیشوو کە دەڵێت: مەئاباد زەردەشتی یەکەمە کە سێ هەزار ساڵ پێش زایینی دەرکەوتووە و پایتەختی شاری (بەلەخ) بووە.

میر ئەسیرخان ئەحمەد زەیی بلوج دەڵێت(٢٠): کوردەکان پێش کۆچ کردنیان بۆ ناوچەکەی ئێستای کوردستان مێژوویان تاریک و نادیارە، بەڵام پاشان لە هەندێک نووسراوی مێژوویدا ڕوون بووەتەوە کە ڕووناکی پەرست بوونە، یان ئاهوراپەرست، واتە ئاگر پەرست.

واتە کوردی ئاری نەژاد پێش و پاش کۆچکردنیان بۆ ناوچەکە سیستمێکی کۆمەڵایەتی و خێڵەکی تایبەت بە خۆیان هەبووە، لە ژێر سێبەری بیروباوەڕێکی ئایینی کۆن کە بە درێژایی چەرخەکان پەرەیان پێ داوە و خۆیان گونجاندووە. هەروەک د. ڕەشاد میران دەڵێت(٢١): ئەو هەتاوپەرستانە زەردەشتی نەبوونە، بەڵکو هەڵگری ئایینی گەلێک کۆنترن، هەروا د.جەمال نەبەز دەڵێت(٢٢): میترائیزم کۆنترین ئایینی کوردە پاش دێو پەرستی. ئیڤانۆڤیچ دەڵێت(٢٣): ئەو ناوچانەی کوردنشین زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ پێش زایینی ئاوەدان بوونە و ئایینیان میثرا Methra و ڤارونا Varuna بووە، ڤارونا دواتر گەشەی کردووە و بووە بە ئاهورا مەزدا Ahura Mazda، هەروا بەهمەن بەهرامی دەڵێت(٢٤): لە پێش ئیسلام لە کوردستان دوو ئایین هەبوون زەردەشتی و میترائیزم.

میترا: وشەیەکە بەواتای ڕێککەوتن و ناوبژیکەر، پرەنسیپی ڕازی کردن. د. جەمال نەبەز دەڵێت(٢٥): وشەی میترا لە سەنسکریتیدا (میثرا Methra)، واتای خۆشەویستی ئەڤین و پەیمان دێت.

واتە پەرستنی (میهر)، یان (خوای میهر) کۆڵەگەی بڕوای ئایینی میترائیزمە، کە وشەی میهر واتای (خۆر، ڕۆژ)، یان ڕووناکی دەگەیەنێ، بە واتایەکی دیکە (خوای خۆر و ڕووناکی)، کە کۆنترین بڕوای چرکراوەیە لەیەک ئاییندا و لەیەک خودادا، هەروەک بەهمەن بەهرامی دەڵێت (٢٦): میهر کۆنترین یەزدانی ئێرانی و هیندییە، زۆر لە پێش زەردەشتی و بوودایی، بەشێوەیەکی زارەکی لە پێش هەزارەی دووەمی پێش زایینیدا ستایش دەکرا.

ئایینی میترائیزم ئایینی فەرمی ئەشکانییەکان بوو، لەسەردەمی ساسانییەکان ئایینی میترائیزم بەرەو لاوازی چوو، بە هۆی گوشاری زۆر و هێرش کردنە سەریان تا ڕادەی قڕکردن، بۆ ئەوەی دەست لەسەر ئەو ئایینە هەڵگرن و بێنە سەر ئایینی زەردەشت، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لەپێڕەوانی میترائیزم ڕوویان کردە ناوچە شاخاوییە سەختەکان و لە ئەشکەوتەکاندا بە نهێنی ئایینی میترائیزمیان پەیڕەو دەکرد و پاراستیان و بووە هۆی بەردەوامبوونی لە جیاتی بن بڕکردنی، بەتایبەت لە ڕۆژئاوای ئێران و کوردستان.

**لەدایکبوونی میترا:** میترا داهێنەری ئایینی میهرپەرستی، یان خوای میهر(ڕۆژ)، واتە میترائیزم کەچی زۆر لە نووسەر و مێژوونووسان و لێکۆڵەران میترا بەخوای میترائیزم دادەنێن و جارێک میهرپەرستی بەخوای میترائیزم دادەنێن، بە بێ جیاوازی کردن لە نێوان کەسی میترا و میهر و ئایینی میترائیزم، هەروەک کەمال نووری مەعرووف(٢٧) دەربارەی میترا دەڵێت: میهر، یان میترا کە لە ئایینی هیند و ئێرانیدا خواوەندی ڕۆشنایی و دادوەری و ڕاستی و پەیمانە و لەگەڵ خوای بابلییەکاندا هاوسەنگ بووە و لە ئایینەکانی ئێرانی کۆنیشدا میترا ڕابەر و ڕێنوێنی و داهێنەری ئایینی میترائیزمە. (میهر - هور - خۆر - ڕۆژ). سەرچاوەی ڕۆشناییە و پیرۆزی تایبەتی هەیە، پەرستنی خوای میهر (ڕۆژ) بناغەی میترائیزمە، وەک ئەو بڕوای شامانی مەغۆلەکانی ئاسیای ناوەڕاست، هەروا پاشان لە زەردەشتی...تاد.

شەوی لە دایکبوونی میترا شەوی (یەڵدا)، کە درێژترین شەوی زستانە، لەو شەوە درێژ و تاریکەی چلەی زستاندا میترا لە دڵی بەردێکەوە لە ناو ئەشکەوتێک هاتووەتە دنیاوە، بە ڕووناکییەکی زۆر و

بڵاوەوە لە ناو ئەشکەوتەکە هاتووەتە بوون و دەرهاتووە.
جەمال نەبەز دەڵێت(٢٨): میترا پاش لە دایکبوونی کڵاوێکی لەسەر بووە و شمشێر و تیر و کەوانێکی بەدەستەوە بووە، بەدەستەکەی تری تۆپێکی خڕی بەدەستەوە بووە، دەگەیشتە دەوری بروج. بەهەمەنی بەهرامی لە دایکبوونی میترا لە دڵی ڕووناکییەوە دەگۆڕێت بۆ گیا. ئەم بیروبۆچوونانە ئەوە دەگەیەنن کە میترا لە دایکێکی پاکیزە لەدایک بووە، هەروەک لە دایکبوونی زەردەشت و بودا و مەسیح (د.خ) مەجدی کامل دەربارەی لە دایکبوونی زەردەشت دەڵێت(٢٩): زەردەشت لە سەدەی شەشی پ.ز نزیک دەریاچەی ئورمییە لەدایک بووە، باوکی بورشب، یەکێک بووە لە پاشاکانی میدیا، کاتێک باوکی مەڕ وماڵاتی لە کێلگەدا دەلەوەڕاند دوو تارمایی لقە ڕووەکێکیان پێ دا تا لەگەڵ شیر تێکەڵی بکات و خۆی و ژنەکەی (وەغدیە) بیخۆنەوە، پاشان دایکی سکی پڕ بوو، زەردەشت لە دایک بوو. هەروا بڕوانە کتێبی فەلسەفە و ڕامانی یارسان د.جەمال نەبەز لا٢٩، دەبێت لە نەبوونەوە هاتبێتە بوون، وەک ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت وەک ڕووناکی لە نێوان دوو تاشە بەرد لە نێو ئەشکەوتێکدا دەرکەوت.

شەوی یەڵدا کە شەوی لە دایکبوون و دەرکەوتنی (میترایە) بووەتە جەژنێکی پیرۆزی میترائیزم، هەروەک شەریف فەلاح دەڵێت (٣٠): لە شیکردنەوەی جەژنی میهرەکاندا دەبینین شەوی یەکەمی زستان، یان شەوی یەڵدا لە دایکبوونی سەرهەڵدانی میهرە. خودی وشەی یەڵداش بە واتای لەدایکبوونە، هەر لەم چاوگەوە میهر خۆری تروسکانەوە و ڕووناکییە، تەنانەت لەم سەرزمانەشدا لە زۆر ناوچەی کوردستان و ئێراندا شەوی یەڵدا مەراسیمی تایبەت وەک بۆنەیەکی پیرۆز دەگێڕن. بەپێی بۆچوونی تەیب تاهری(٣١) شەوی لە دایکبوون یەڵدا دەکەوێتە ٢٥ کانوونی یەکەمی زایینییەوە، هەروا کە ڕێککەوتی لە دایکبوونی عیسای مەسیحە.

**نهێنی سپاردن:** شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، دەرکەوتنی هەر بیروباوەڕێک لە هەر بوارێکدا بێت لە سەرەتاوە یارانی کەم دەبێت و نەیارانی زۆر دەبێت و گوشار دەخەنە سەر یاران، میترائیزم یەکێک بووە لەو بیروباوەڕە ئایینییانەی کە لە چەندان سەردەمی کۆندا کەوتووەتە ژێر گوشار و کوشت و کوشتار، بە تایبەت پاش دەرکەوتنی بیروباوەڕی (ڤارونا)، کە پاشان پەرەی سەندووە و بووەتە ئاهورامەزدا، وەک ئایینێکی نوێ لە نێو میترائیزمدا و ململانێیەکی زۆر بە درێژایی سەدان و هەزاران ساڵ پێش زایین سەری هەڵداوە، بە تایبەت کە هەندێ لە سەرکردەی ئیمپراتۆرییەتەکانی کۆن باوەڕیان بە زەردەشتی هێنا و ئاهورامەزادایان پەرستووە. وەک دیاکۆ پادشای میدییەکان، کە ئیڤانۆڤ دەڵێت(٣٢): دیاکۆ- دەهاک= زوحاک (بە عەرەبی) پێنجەم سەرکردەی پیشدادییەکان بووە. زوحاک، یان دیاکۆ نازناوی دکتاتۆر (بیور ئاسب)بووە، زۆر کوشت و کوشتاری لە میللەتی کورد کرد، بە تایبەت کە گۆرانەکان لە ژێر ڕکێفیدا بوون، پاشان کاوەی ئاسنگەر بە یارمەتی گەل توانی لە ناوی ببات، هەروا پاشا و هەندێ دەسەڵاتدارانی ساسانییەکان کە بە هۆی ژن و ژنخوازییەوە لەگەڵ زەردەشت چوونە سەر ئایینەکەی و گوشاریان خستە سەر میترائیزم. جارێکی دی لە سەردەمی کشتاسب پادشای پێشدادییەکان و لەسەردەمی ئایینی میترائیزم پەلی هاویشتە کیشوەری ئەوروپا، تا ئێستاش زۆر لە ئاسەوارەکانی لەو ناوچانەدا ماون کە هەموو ئەوروپای گرتبووەوە، پاش دەرکەوتنی ئایینی کریستیانی و لەدایکبوونی عیسا (د.خ) بیروباوەڕی ئایینی میترائیزم باڵی بەسەر ئەوروپادا کێشابوو، پاش ٥٠٠ ساڵ پادشایەک بەناوی قستەنتین (کوستانتین) کە لە سەدەی چوارەمی زایین دەرکەوت، بە گوشار و ڕەشەکوژی لە ناوی برد، بەڵام کاریگەری خۆی کردبووە سەر ئایینی کریستیانی. پەیکەر و پەرستگا و ئاسەوارە بەجێ ماوەکان لە ناوچە جیاجیاکانی ئەوروپا تا ڕۆژئاوای ئەوروپا شاهێدحاڵن.

بە هۆی گوشار و هێرش کردنە سەر باوەڕدارانی میترائیزم کوشتن و بڕین بە مەبەستی وازهێنان و دەست هەڵگرتن لە بیروباوەڕی میترائیزم پێڕەوانی میترائیزم و موغ و پیاوە ئایینیەکان بۆ ناوچە شاخاوییە سەختەکان هەڵهاتوون و لە پەناگەی ئەشکەوتەکانەوە توانییان بیروباوەڕی ئایینی میترائیزم بپارێزن و بە ڕێنمایی کردنی یارانیان بە شێوەیەکی نهێنی و بە وریایی بەردەوامی پێ بدەن، بۆ ئەوەی خۆیان لە هێرش و گوشاری زۆرداران و ئایینی باڵادەست دووربخەنەوە، وەک ئەوی سەردەمی پیشدادییەکان، یان سەردەمی

ساسانییەکان. عەبدولڕەحیم ماردینی دەڵێت(٣٣)ئاسەواری نهێنی پاراستن تا ئێستاش لە هەندێ ئایین و بیروباوەڕی ئایینیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەک ئێزیدی و جوولەکە و عەلەوییەکان و درووزەکان و یارسانییەکان.

حەسەن حوسێن زادە دەڵێت(٣٤): پیرانی میترائیزم ڕووبەڕووی گوشار و کوشتن بوونەتەوە بەزۆری لە خاکی لوڕستان نێژراون، کە ناسنامە و شەجەرەیان لە سەردەمی ئیسلامیدا بزرکراوە، هەروا پێڕەوانی زروانی و زەردەشت، واتە نهێنی بەهێزترین ئامراز بووە هەر لە دێرزەمانەوە بۆ خۆپاراستن و درێژەپێدانی بیروباوەڕ تا بەزیندوویی بمێنێتەوە، ئەگەر هەندێ کاتیش تووشی سستی و لاوازی بووبێت.

لە میترائیزمدا بۆ ئەوەی زیاتر نهێنی خۆیان لە نەیاران بپارێزن، ئافرەت لە هەموو مەراسیمە ئایینییەکاندا ئامادە نەدەبوون، ئەمەش بووەتە نەریتێک لای یارانی میترائیزم، واتە هەر تاکێکی میترائی دەبێت نهێنی بپارێزێت، ئەگەر نا بە دەرچوو و لادان لە ئایینی میترا دەژمێررێت و لە ڕێزیاندا وەرناگیرێت. هەروەک بەهمەن بەهرامی لەم بارەیەوە دەڵێت(٣٥): میترائییەکان بە زۆری ئارەزووی پاراستنی نهێنییەکان بوونە، بۆیە ئەم ئایینە بە (راز مەگۆ) ناوبانگی دەرکردووە، ئەوی نهێنی نەپارێزێت بە دەرچوو لە ڕێڕەو دادەنرێت. ئیڤانۆڤ دەڵێت(٣٦): پوختی زانیاری لەمەڕ میترائیزم نەکراوە جگە لە کتێبی (نهێنییەکانی میترا) کە بنەمای لەو بیر و ئەندێشانە ئاو دەخواتەوە کە لەسەر ئایینی ئێرانەوەن تا سەدەی ڕابوردوو (١٩) مابوونەوە.

پاش داگیرکردنی ناوچەکە لە لایەن سوپای عەرەب و ئیسلامەوە، نهێنی پاراستن زیاتر چڕ بووە و لە بیروباوەڕەکانی پێشووی ئێران و کوردستان، کولتووری عەرەبی و ئیسلامی نوێ لە ناوچەکەدا پەیدابوو و جێی کولتووری کۆنی گرتەوە، هەر سەرهەڵدان و بزووتنەوەیەک دەرکەوتبایە بە زوویی سەرکوت دەکران.

### بڵاوبوونەوە و ئاسەوارەکانیان

ئایینی میترائیزم لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە لە خاکی ئێرانی کۆن، واتە (ماد و فارس) و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا گەیشتووەتە ئاسیای ناوەڕاست و ئەورووپا و باکووری ئەفریقیا کە لەلایەن ئەمەنحووتی چوارەم (ئەخناتوون) لە (١٣٧٥-١٣٥٨ پ.ز) گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی ئایینی میسردا کراو پەرستنی تەنیا خوایەکی بە ناوی (ئەتۆن)، کە هێمای خۆرە، گوڕا، لە جیاتی پەرستنی (ئاموون) کە هێمای گا بووە، (بڕوانە مێژووی پێشینەی کورد) لا ١٨٧. (٣٧)

هەڵبەتە بڵاوبوونەوەی میترائیزم بەو شێوەیە و قبووڵ کردنی بیروباوەڕەکەی لەلایەن دانیشتوانی ئەو ناوچانەوە بەڵگەی بەهێز و دروستی ئایینەکەیە کە دروشمی ڕاستی و خۆشەویستی و ئاشتی و بڵاوبوونەوەی خێر و پەیمان بەستنە، کە لەلایەنی دەروونییەوە مرۆڤ بەپیرییەوە دەچێت و لە جێگای بیروباوەڕە کونەکانیان قبووڵی دەکات، کە وای لێ هاتووە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا باڵ بەسەر ئەو هەموو ناوچانەدا بکێشێت، هەروەک عەبادانی دەڵێت (٣٨): لە سەدەی یەکەمی زایینی بڕوادارانی میترائی ئایینەکەیان ئاشکرا کرا و بە خێرایی لە ساڵی ٦٨زدا بڵاوبووەوە، تا گەیشتە ئەورووپا و باکووری بەڵقان.

گەیشتنی ئایینی میترائی بۆ ئەورووپا و باکووری بەڵقان لەلایەن سوپای ڕۆمەکانەوە بوو، چونکە زۆربەی، بەڵکو هەموو سەربازانی یۆنانی و ڕۆم چوونە سەر ئایینی میترائی و بە ئاسانی باوەڕیان پێ هێنا، دوور لەوەی کولتووری خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن، ئەوەش لەکاتی هاتنی سوپای ڕۆم بەسەرپەرشتی ئەسکەندەری مەقدۆنی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و داگیرکردنی خاکی ئێران، ئەوان میترایان بە هێمای جەنگاوەری ئازا و قارەمان دەزانی، هەرچەند لەناوبردنی ئایینی میترائی لە ئەورووپا لەلایەن کۆستەنتینەوە بوو، بەڵام ڕۆمەکان پاش زایینیش بە نهێنی جەژنی میترایان لە ڕۆژی ٢٥ کانوونی یەکەمدا دەکرد، کە دەکاتە ڕۆژی لەدایکبوونی میترا، بەڵام فەلەکەددین کاکەیی دەڵێت: بۆ ئەوەی بێنە سەر ئایینی مەسیح (٢٥) کانوونی یەکەمیان بە ڕۆژی لەدایکبوونی مەسیح دانا، کەچی ڕۆژی لە دایکبوونی مەسیح ٦ی کانوونی دووەم بووە.

واتە ئایینی میترائی کاریگەری دیاری کراوی کردووەتە سەر ئایینەکانی ناوچەکە و ئاسەواری ڕێوڕەسم و بیروباوەڕی لەنێو ئەو ئایینانەدا بەجێ ماوە، هەرچەندە ململانێی زۆر و بەرەنگاربوونەوەیان دەکرد، بەڵکو

دەگەیشتە کوشت و کوشتار و قڕ کردن. عەبادانی دەڵێت: ئەم ئایینە بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ توانی کاریگەری لەسەر ئایینەکانی تر هەبێت، وەک (جوولەکە، کریستیانی، زەردەشت) و لەژێر کاریگەری رووناکی و چالاکییەکانی ئەودا بوون.

ئەم بڵاوبوونەوە و کاریگەرییە وای کردووە پەیڕەوانی ئایینی میترائی ئاسەواریان لەو ناوچانەی بڵاوبوونەوە بەجێ مابێ، یان لەو ئاسەوارانە کە لەم دواییانەدا دۆزراونەتەوە و هەندێکیان پارێزراون، وەک ئیڤانۆڤ باسی لێوە دەکات و دەڵێت(٤٠): شوێنەواری پەرستگەی میترا لە کەناری رووباری دانوپ هەیە، پەیکەری میترا لە ساڵی ١٩٥٤ز لە لەندەن لە ژێر خاکدا دۆزرایەوە و لە مۆزخانەی لەندەن پارێزراوە، پەیکەرەکە لە کەژاوەیەک پێکهاتووە میترا سواری بووە، کە دوو، یان چوار ئەسپ ڕایدەکێشن، هەر وا لە وڵاتی فەرەنسا.

ئەوە جگە لەو ئاسەوارانەی ئاتەشگە و جێگای پەرستگا لە ناوچەکانی دیکەدا هەن، بەتایبەت لەناو خاکی کوردستان و ئێرانی سەردەم، کە هەندێکیان تێکەڵاو بوونە لەگەڵ ئاسەواری زەردەشتیان و بەهی زەردەشتی دەژمێررێت، جگە لەو ئاسەوارانەی میترائی شتێکی وا بەڵگەی بروا پێ کراویان لێ بەجێ نەماوە، هەروەک ئیڤانۆڤ دەڵێت(٤١): ئەو شتە کەمەی لەبارەی بیروباوەڕ و میتولۆجیا و کیشی و ڕێورەسمەکانی میترائیزم، زانراوە، بە زەحمەت و بە شێوەیەکی پاژەکی لێکۆڵینەوەی پەیکەر و نەخشونیگاری دەست ڕەنگینیان بۆیان بەجێ هێشتووین و وەدەست هاتوون. هەروا دەڵێت: مەخابن ئەدەبیاتی پوخت و بێگەردی میترائیزم نەماوە و نەپارێزراوە. ڕاستییەکەی ئەدەبیاتی میترائیزم بەهۆی نهێنی پاراستنەوە نەماوە کە تا ئێستاش لە ئایین و ڕێبازەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، پاش ئیسلامیش بە چەندان جۆرە ناو و ناتۆرە سەری هەڵداوە.

ئایینی میترائیزم کاریگەری لە ئایینی دیکە کردووە، بە تایبەت زەردەشتی، چونکە ئایینی ڤارونا Varuna کە دواجار بووەتە ئاهورا مەزدا (زەردەشتی). ململانێی زۆریان لەگەڵ یەکدی هەبووە و شان بەشانی یەک لە ناوچەکەدا بوونیان هەبووە، تا لە ناوچوونی ساسانییەکان بە هێرشی سوپای عەرەب و ئیسلام، بۆیە زەردەشت لە سەردەمێکدا پەرەی بە ئایینەکەی داوە بە تێهەڵکێشی هەندێ ماکی (بیروباوەڕی) میترائی لە ناو ئایینەکەیدا، بۆ ئەوەی ئەوانەی دێنە سەر ئایینەکەی وەک بیروباوەڕ نامۆ نەبێت و بەگوشار بەسەریاندا بسەپێنرێت، هەر بۆیە د. ڕەشاد میران دەڵێت(٤٢): دەوڵەت ئایینی زەردەشتی ناچارکرد گۆڕانکارییەک لەناو دۆگما و پرەنسیپەکانیدا ئەنجام بدات، بەوەی کە ئایین و پەرستنە کۆنەکانی تر لەخۆ بگرێت، هەروەها دەڵێت: هەندێ خواوەند و هێز و دیاردەگەلی سروشتی میللەتانی شوانکارە و چیانشین بوون بە مەلایەکەتی ئایینی زەردەشتی، هەروەک ئەوەی میترا (میهر) بووەتە یەکێک لە فریشتەکانی ئایینی زەردەشتی، چونکە (میهر) ئیزی ئیزدەکانی ئایینی میترائیبیە، ، ئیڤانۆڤ ئەوە زیاتر ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت (٤٣): چەکی ڕیفۆرمخوازانی هەریەک لە زەردەشت و کەرکەس (XERXES) لە شان و شکۆی پێگەی میترایان کەم کردەوە و کردیان بە خواوەندێکی گچکە. یەزەتە YAZATA خزمەتکارە سەرەکییەکەی میترا دوور خرایەوە و کرا بە یار و هاودەمی ئاهورمەزدا.

هەروا میترائی کاری کردووەتە سەر ئایینەکانی تریش وەک مەزادئیزم، زەرفائیزم، و مانوویزم. ئیڤانۆڤ باس لە چۆنیەتی ئەو کاریگەرییە دەکات و دەڵێت(٤٤): هورمزی ناو تێکستەکانی مانەوییەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە میتالۆجیادا (میترا) وەسف کراوە، کە دەڵێت (لە تاریک و ڕوونی بەیاندا میترا سواری کەژاوەیەکە چوار ئەسپ ڕایانکێشاوە).

سەرکردەیەک ناوی (دەوران سەرون) لە میدیا، ئەو کاتانەی زەردەشت لەدایک بووە، جێگرەکەی (کشتاسب) چەند جار هەوڵی لەناوبردنی داوە، چونکە تاڵە گرەوەکانی پێشبینییان کردووە لەپاشەڕۆژدا ئایینە کۆنەکان و باوەڕدارانی لەناو دەبات، هەروا دەڵێت: بیروباوەڕی زەرڤانی Zarvan لەوانەیە وەک بنەمای میترائیزم خزمەتێکی کردووە، هەروەک پاشان لەمانەچیزمیشدا Manichaeism بەشداری کردووە، زرڤان لە میترائیزمدا خواوەندێکی گەورە بووە و لە مانەویشدا دانی پێدا نراوە، واتە ئەم ئایینانەی لە دوای سەرهەڵدانی میترائیزم پەیدابوون، کاریگەری میترائیزم تێیاندا (لەناو بیروباوەڕ و مەراسیمیاندا) ڕۆڵی بینیوە، یان دەتوانین بڵێین هەر سەرهەڵدانێک و پەرەسەندنێکی

ئایینی بەردەوامی میترائیزمە لەبەرگ و قاڵبێکی نوێدا.

## پاشماوەی میترائیزم لە ئایینەکانی دیکەدا

دەربارەی تاکەکەسی میترائی بە ئایینەکەیەوە دەبێت مرۆڤ دروست و بەباوەڕ بێت تا پەیڕەوی بیری دروست، وشەی بەسوود، کرداری چاک(نیکی) بێت، وەک ئەوەی عەبادانی دەڵێت (٤٥): کە ئێرانییە کۆنەکان پێش پەیدابوونی زەردەشت باوەڕیان بەم دروشمانە هەبووە، کەچی بەهمەن بەهرامی زیاتر ڕوونی دەکاتەوە کە دەڵێت (٤٦): لە ئوسوڵی، یان دروشمی ئایینی میترائی (پاکی، پاک ڕەفتار، ڕاستی). ئەم دروشمانە بەڵگەی دروستی بیروباوەڕی میترائینە و دەردەکەوێت کە میترا پەیڕەو و پرۆگرامی پوختی بۆ ئایینەکە هەڵبژاردووە، ئەم دروشمانەش لە نێو ئایینەکانی دەورووبەر و دواهاتووی خۆیدا ڕەنگیان داوەتەوە، بە تایبەت لە ئایینی زەردەشتی کە دەتوانین بڵێین لە ناخی میترائیزمەوە چرۆی کردووە و پەرەی سەندووە، کە دروشمەکانیان هەمان ئەو دروشمانەی میترائیزمە. هەروا عەبادانی دەڵێت (٤٧): میترا لە ئاسمان مایەوە و دواجار هاتەوە سەر زەوی، هێزی زیندووکردنەوەی مردووانی پێ بەخشرا، لەگەڵ جیاکردنەوەی مرۆڤی چاک و خراپ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هێز و توانایەکی ناکۆتایی پێ بەخشراوە، کە بتوانێت مردوو زیندوو بکاتەوە و لە شێوەی حەزرەتی مەسیح بیهێنێتە گفتوگۆ، یان جیاکردنەوەی چاک کرداران و خراپ ڕەفتاران لێکتر، ئەمانە هەمووی پاک و خاوێنی و دروستی ئایینێک دەسەلمێنێت کە توانیویەتی سنوور ببەزێنێ و بگاتە زۆر ناوچە و جێگاکانی دیکەی ئەم جیهانە و بە خێرایی بڵاوبێتەوە و ئەو میللەتە جیا جیایانە باوەڕی پێ بهێنن، تا ئەم سەردەمەش لە نێو ئایینەکانی تردا و لە ناو کۆمەڵگاکاندا ئاسەواری بەدی دەکرێت، بەتایبەت لە کۆمەڵگای کوردەواری. وەک جەمال نەبەز هەندێک ئاشکرای کردووە وەک خۆی دەینووسێتەوە (٤٨):

١- بە پێی کێشی میترائیزم ڕۆژێک میترا دێتەوە سەر زەوی، زەوی لە خراپە پاک دەکاتەوە، ئەمەش بابەتێکی سەرەکییە و دەربڕینێکی ئاشکرایە لە ئایینەکاندا بە واتای (فریادرەس=دڵسۆز) دێت، لە کاتێکدا فریای ڕووی زەوی دەکەوێت کە خراپەکاری زۆر ڕووی داوە، ڕووی زەوی لە خراپەکاری پاکژ دەکاتەوە، ئەو ئایینانە باوەڕیان وایە هەر زەمانێک پیاو چاکێک، یان فریادڕەسێک پەیدا دەبێت کۆمەڵگا لەسەر ڕووی زەوی لە خراپەکاری خاوێن دەکاتەوە و کۆمەڵگا ڕێک دەخات و ژیان ئاسایی دەبێتەوە. (لە ئایینی چینی پێی دەوترێت پترتنکز، لە بوزایی پێی دەوترێت بوزای پێنجەم، لە هیندی پێی دەوترێت دیشنۆی دەیەم، لە زەردەشتی پێی دەوترێت سوشیانت، لە مەسیحیدا پێی دەوترێت عیسا، لە ئیسلام مەهدییە، ئوسترادامۆس ئاماژە بە فریاد ڕەس دەکات و دەڵێت: هەزارەی سێیەم سەدەی برایەتی مرۆڤە لە ژێر سایەی دەوڵەتی یاسادا.

٢- میترائییەکان لە کاتی نوێژ و پاڕانەوە ڕوویان لە خۆر دەکرد و دەستیان هەڵدەبڕی، چونکە خۆر لە ئاسماندایە و ئێستاش یەکێک لە خودا دەپاڕێتەوە دەست بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە.

٣- بابانوێل و میترا= بابانوێل بەکڵاوە قووچەکەیەوە کە ئەویش هەر کڵاوە قووچەکەی سەری میترایە و کەوا سوورەکەشی هەر لە ڕەنگی سووری میتراوە وەرگیراوە کە ئێستاش ڕەنگی سوور لای کورد ڕەنگی شادی و ئازادییە.

٤- شەوی بەرات (بەرهات) لای کوردان و هەلاوین لە ئەوروپا و کەنەدا پاشماوەی میترایە.

٥- لەدایکبوونی عیسا (کریسمس) لە ئێران بە (یەڵدا) بەناوبانگە، وشەکە ئارامییە، واتای لەدایک بوون، ڕۆژی لەدایکبوونی میترا بووە کە ١٢/٢٥ بووە، کراوە بە ڕۆژی لەدایکبوونی عیسا.

٦- میترا لە شێوەی گەنجێکی جواندایە کە کڵاوێکی قووچی لەسەرە و خەنجەرێک دەکات بە کەلەکەی گایەکەدا، دووپشکێک خۆی بە گونی گایەکەدا هەڵواسیوە، مارێکیش خوێنی لەشی گاکە دەمژێ.

ئێزدییەکان گای کەڵۆش دەکەنە قوربانی، مار یەکێکە لەو نەخشونیگارانەی کە لە پەرستگاکەیاندا هەیە و لەکاتی نوێژکردن ڕوو لەخۆر دەکەن، شوێنەواری ئایینی میترائیزم لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان هەیە.

٧- لە باوەڕی میترائییەکاندا (میهر=نوور، خوای خۆر= خوای نوور)، لە ئیسلامیشدا هاتووە: (الله نور السموات والارض) سوورەتی النور ئایەتی ٣٥. ڕەنگە وشەی میهراج لە میتراوە هاتبێ، چوونی عیسا و

محەمەد (د.خ) بۆ ئاسمان.
٨- پیرۆزی خۆر لە سەردەمی میترائییەکان تا ئەم سەردەمەش ڕیشەی داکوتاوە، بۆ نموونە زۆر جار لەناو دێهاتەکان و عەشایرەکان سوێند بەخۆرە زەرد و خۆرئاوا دەخۆن، یان دەڵێن وەک بەهمەن بەهرامی باسی لێوە دەکات (لەکاتی خۆرئاوابوون هەنگاوی خراپ مەنێن و لەو کاتەدا خۆتان مەشۆن، چونکە کات ناوەعدەیە). هەروا زۆر جار لە دێهات بەرچاو کەوتووە کەسێک دوعا لە یەکێک بکات زوڵمی لێ کرابی ڕوو لە خۆرە زەردەی خورئاوا دەکات دوعا و نزا دەرهەقیان دەکەن، کە خوا هەقیان لێ بکاتەوە. یان نیاز و مرازێکیان هەبێت لە خوا دەپاڕێنەوە، گوایە بە پێی باوەڕیان دوعاکردن لەو کاتانەدا گیرایە.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوان خۆرەکە بەخوا بزانن، هەروەک د. جەمال نەبەز ڕوونی کردووەتەوە کە دەڵێت(٤٩): ئایینی میترائی خۆر پیرۆز دەکەن پێش خۆر هەڵاتن و پاش خۆرئاوا دوعا و نزا و سوپاسگوزاری میترا دەکەن، هەروەک ئێزدییەکان ڕوو لەخۆر دەکەن لە کاتی ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوا و دوعا و نزا دەکەن و نوێژ بە زمانی ئایینەکەیان دەکەن، جۆرج حەبیب دەڵێت (٥١) زەردەشتییەکانیش هەمان شت و سۆمەرییەکانیش خۆریان دەپەرست، پێیان دەوت (ببار) کە پاشان بووە (بر بر)، واتە (بر) یەعنی ڕووناکی، یان تیشکدەر. ناڵێن خۆر خودی خوایە، بەڵکو بڕوایان وایە خودایەک بوونی لە دڵی خۆردایە هەیە، ئەگەر دەربارەی ئاگر، پیرۆزی ئاگر تا ئەم سەردەمانەش بوونی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هەیە، بە تایبەت لە ناو عەشایر و خێڵەکاندا، وەک سوێندخواردن بە ئاگر، یان وجاغ، هەر دەڵێن شتی پیس بەسەر ئاگردا بکرێت گوناهە.

پیرۆزی ئاگر بۆ ئەم مەشخەڵە دەگەڕێتەوە، بەدیتنی میترا بووە لەکاتی دەرکەوتنی بۆ دنیا، بەڵکو بۆ زۆر دوورتر لە میتراش، بیروباوەڕە کۆنەکان و پەرستنی شتە سروشتییەکان، لە ئایینی زەردەشتیدا پیرۆزی ئاگر پارێزراو و بووەتە نەریتێکی ئایینی کە لە هەموو پەرستگاکاندا بە هەمیشەیی ئاگر بەگڕ بووە و نەکوژاوەتەوە، ئەو پیرۆزییەشیان لە بۆنە ئاییینەکاندا سەلماندووە، یان لە ململانێی ئاییندا بۆ نموونە بەهمەن بەهرامی باسی هەندێک لەوانە دەگێڕێتەوە و دەڵێت(٥٢): سیاوەش بۆ سەلماندنی بێ گوناهی بە ناو کوورەی ئاگردا تێپەڕیوە، ئەترووبات (موبدی موبدانی زەردەشتی) لە سەدەی چوارەمی زایینی بۆ هەمان تاقیکردنەوە بە ناو کانزای تواوەدا تێپەڕیوە و بێ گوناهی خۆی سەلماندووە. هەروا لەسەردەمی (دیوان کریستوسۆم) دەڵێت: ئاگرێکی گەورە لە ئاسمانەوە دەرکەوتە سەر چیایەک کە زەردەشت لەوێ بوو، زەردەشت لە ناو ئاگرەکە هاتە دەرەوە، هەروا بگەڕێینەوە ئەو ئاگرەی ئیبراهیم پێغەمبەری خستە ناوی و هیچی لی نەهات و سەلماندی کە لەسەر ئاییني ڕاستییە، جگە لەمانەی پێشوو، پیرۆزی ئاگر چووەتە ناو چوار توخمی پیرۆز لە سروشتدا کە زانا و فەیلەسووفەکان و بڕوا ئاییینییە کۆنەکان باوەڕیان پێ بوو، کە هەموو ماددەیەک لە سروشتدا لەو چوار توخمە پێکهاتووە (ئاگر، ئاو، خاک، هەوا). کە هێشتا ئاسەواریشی لە ناخی مرۆڤایەتیدا داکوتاوە، بە تایبەت لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا کە بە ئاشکرا و زەقی بەدی دەکرێ، وەک سوێند خواردن بە خاک و بە وجاغ (ئاگر)، یان گوناهی پیس کردنی ئاو و سەرچاوە ئاوییەکان. تف کردن لە خاک کە مرۆڤ خۆی لە خاکە، تف کردن لە ئاگر، یان بە ئاسماندا بە کوناح دەزانرێت، سەرەڕای ئەمانە سیفەتی نووری زێڕین کە بە زەردەشت بەخشراوە. مۆسیقاش ڕۆڵی گرنگی لە بۆنە ئاییینیەکاندا بینیوە، هەر لە دێرزەمانەوە تا دەگاتە ئەم سەردەمەی ئێستاش. "میترائییەکان کە سروودەکانیان بەکۆ دەخوێندەوە، لە میهرابەکاندا بە دەنگی مۆسیقاوە دەیانخوێندەوە، ئەو مۆسیقایەش سازە، دوور نییە ئەو ساز و تەمبوورەی ئێستا هەیە ئەو بێت". (بەهمەن بەهرامی (٥٣) "موغەکانی زەردەشت سروودە ئاییینییەکانیان لە شێوەی هۆرە (واتە بە دەنگ ئاوازی بەرزەوە) دەخوێندەوە، کە تایبەتە بە ڕەزامەند بوون و پاڕانەوە لە خودای گەورە (ئاهورا مەزدا) بەهمەن بەهرامی ل٢٧٦.

ئەم بەکارهێنانانەی مۆسیقایە لە بۆنە ئاییینییە کۆنەکان لە دێرزەمانەدا، تا ئێستا کاردانەوەی هەیە و لە ئاییینە جیاجیاکانی ئێستادا لەگەڵ هۆرە و دوعا و نزاکان بەکار دەهێنرێت وەک: بەکارهێنانی مۆسیقا لای هیندۆسەکان، هۆرەی خوێندنەوەی ئینجیل لای کریستیانەکان لە بۆنە ئاییینیەکاندا، بە تایبەت لە کڵێسەکانیاندا، هەروا

ئاوازی قورئان خوێندن و بەکارهێنانی (دەف) لە ئیسلام و ڕێبازە جیا جیاکاندا لە کاتی بۆنەی ئایینیدا...تاد.

ئاگر کردنەوە لە کاتی ئاهەنگگێڕانی لە دایکبوون بۆ هەر کەسێک چەند مۆمێک دادەگیرسێن.

ئاگر کردنەوە لە ئاهەنگی هاوسەرگیری لای هیندییەکان.

یان کەسێک سەفەر دەکات جامە ئاوێک بە دوایدا دەڕێژێن، بڕوا وایە ئاو ڕۆشنایییە و دەیپارێزێ، ئەم باوەڕە لای زۆر لە میللەتان باوە. قوربانی کردن لە هەموو ئایینەکاندا هەیە.

**پیرۆزی گاو قوربانی کردن:**

ئاو و شەرابی شیرین لە ڕێوڕەسمی پیرۆزی میتراو یارانیەتی. میهرپەرستان کە دەڕۆنە جێگای پەرستنی (میهرابە) کۆ دەبنەوە گایەک دەکەنە قوربانی، ئەگەر دەست کورت بن بەرخێک، یان هەر گیانلەبەرێکی کە ناو دەنێن، بەڵام گا پیرۆزترە. گۆشتی ئەو گیانلەبەرە دەکەنە کەباب، خوێنەکەی لەگەڵ ئاوی هوم تێکەڵ دەکەن و دەبێتە شەراب و پێی دەڵێن ئاوی حەیات. ئەم شەرابە لەگەڵ نان و کەبابەکە دەخۆن. لە ناو پەرستگاکە مۆم و ئاگر دادەگیرسێن کە نیشانەی نووری میهرە. (ئیڤانۆڤ (٥٤).

جەمال نەبەز دەڵێت (٥٥): قوربانی گا یەکێک بووە لە پێویستییەکانی ئەم ئایینە، چونکە میترایییەکان باوەڕیان وا بووە خوێنی گا بڕژێتە سەر زەوی دەبێتە هۆی بە پیت کردنی. د. ڕەشاد میران دەڵێت(٥٦): بەگوێرەی ئەفسانەیەکی میترائی یەکەمین نێچیری میترای ڕاوکەر گایەک بوو کە ئاهورا مەزدا خەڵقی کردبوو، گایەکە لە دەستی میترا ڕایکردبوو، بەڵام میترا بەیاریدەی ڕۆژ (خۆر) دۆزیبوویەوە و کوشتبووی، جا لە خوێنی ئەو گایە شەرابی پیرۆزی نهێنی دروست کردبوو. بەهمەنی بەهرامی دەڵێت (٥٧):

پیرۆزی گا لە بڕوای ئایینی میتراییەکان، کە بۆ قوربانی سەر دەبڕرێت و خوێنی دەڕژێتە سەر زەوی نوێ بوونە (خوڵقاندنی ژیانی) دەبێتەوە، هەروا گا نیشانەی بەرەکەت و فراوانییە، واتە پیرۆزی گا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە یەکەمیان نێچیری میترا کە ئەو گایە (میهر) خوڵقاندی، میترا کردی بە یەکەمین قوربانی بۆ میهرپەرستان و بۆی پیرۆزی کردن، کردن هۆم= سۆم Som (سوما) کە لای زازکی بەمانای خودا بەکار دێت. د. جەمال نەبەز دەربارەی سۆم دەڵێت(٥٨): خۆشاوێکی مەستکارە، لە گیایەکی ڕەنگ زەرد دەگوشرێ، ئەو گیایە لە چیاکانی کوردستان هەیە (لە هەورامان زۆرە) لەکاتی پەرستنی میترادا دەخورایەوە، زەردەشتییەکانیش لە بۆنە ئایینییەکاندا دەیانخواردەوە.

قوربانی گا هێمای خێر و بەرەکەت و نوێبوونەوەی ژیانە، هەروەک جۆرج حەبیب دەڵێت (٥٩): لە پەیکەری میترادا گا سەر دەبڕرێت و خوێنی دەڕژێتە سەر زەوی، کە بۆ نوێ بوونەوەی ژیانە لە وەرزی بەهار و دەشڵێت: بەر لە چوار هەزار ساڵ وەرزی بەهار لە کاتێکدا دەبێت خۆر بەکەلووی گادا تێپەڕ دەبێت، هەروا دووپشک ئەوە دەگەیەنێ کە خۆر بە کەلووی دووپشکدا تێپەڕ دەبێت و وەرزی پاییز دێت، بەڵام باسی ئەوانی تر ناکات، یان هەر تاکەکەسێکیان دوعا و نزایەک بۆ مرازێکی هەبێت. ئیڤانۆڤ دەڵێت(٦٠): میترائیزم سروودی نهێنی ئایینی خۆی هەبووە، کە (زیافەتی) تێدا کراوە، نەخشونیگاری سەربەردان وێنەیەکی ئەم زیافەتەمان دەخاتە بەردەست. بەشداربووان دەبنە چەند ڕیزێک و دەمامکی خۆیان دەدەن و جلی شانۆیی لەبەر دەکەن و دەقووقێنن و دەنەڕێنن تاد. دەربارەی مەراسیمی قوربانی گا بەهمەن بەهرامی(٦١) زیاتر وردەکاری لە بارەوە ڕوون دەکاتەوە و لێی دەدوێت و دەڵێت: ئەو کەسەی لە میترائیدا دەیەوێت قوربانی بکات، قوربانییەکە دەباتە جێگایەکی خاوێن، چەپکێک گوڵی لەسەر دادەنێت و دوعا و سروودی تایبەت بە سەریدا دەخوێنرێت، ئەوەی قوربانی دەکات دەبێت داواکارییەکی لە خودا هەبێت و بۆ پوختەکردنی قوربانی سفرەیەک لە نەرمترین گیا دادەخرێت و گۆشتی قوربانییەکە پارچە پارچە دەکرێت و پوختە دەکرێت و لەگەڵیدا سروود دەخوێنرێت.

فارسەکان و ماددەکان قوربانییان لە جێگای بڵند دەکرد. موغەکان و پیاوە ئایینییەکان دابەشیان دەکەنەوە، واتە قوربانی بەشێکی ئاسایی ڕێوڕەسمی ئایینی میترائیزم بووە، بەڵام وەک ئیڤانۆڤ دەڵێت(٦٢): ئەم ڕێوڕەسمە زۆر توخم و ڕەگەزی بیانی هاتووەتە ناوییەوە، چونکە لە ئایینەکانی دیکەش تا دەگاتە ئەم سەردەمانە زۆر گۆڕانکاری و ڕێوڕەسمی جۆراوجۆر چووەتە ناو

مەراسیمی قوربانیکردن، هەر لەسەردەمی میتراوە تا دەگاتە ئایینەکاتی تر (زەردەشتی، مەسیحی، ئیسلام)، کە ئەوانیش قوربانی دەکەن، پاولیکانیان بەر لە وتنەوەی سروودی ئایینی قوربانی پیرۆز زیافەتێکی دەستەجەمعی گۆشتیان هەبووە، ئیڤانۆڤ دەڵێت(٦٣) مەسیحییەکان قوربانییان بۆ باوپشتیان دەکرد، گوایە دەرگای خێر و بەختیارییان لە دنیا بۆ دەکاتەوە. قەشەکان و پیاوی ئایینی بەلایانەوە ئەو خوو و نەریتە تەنیا پاشماوەی بت پەرستییە، بۆیە بەرەنگاری دەبوونەوە. هەر وا دەڵێت(٦٤): ئیسلامیش خوو و پیشەی قوربانی خوێن (گا و گەردوون)ی پاراستووە لە بارێکی تایبەت وەک سروشتێکی دێرینی حەجی مەککە، یان لە جەژنی قورباندا پێویستە هەموو موسڵمانان ئەو قوربانییە بکەن. سەرەڕای بۆنە ئایینییەکان قوربانی کردن، چووەتە ناو بیروبۆچونێکی دیکەوە، لە دنیای ئیسلامیدا وەک ئەوەی کەسێکی گرنگ، یان لە دوورەوە هاتێبێت پاش ماوەیەکی دوورودرێژ قوربانی بۆ دەکرێ، خوێن لەبەر پێی دەڕژێت، ئەویش هەنگاو بە سەریدا دەنێت، گوایە ڕوحە شەڕەنگێزەکان دوور دەخەنەوە، یان چاوی پیسیان لێ کارناکات، بڕواش وایە ئەو ڕوحانە ناتوانن لە خوێنەکە بپەڕنەوە.

## پیرۆزەکانی تر

### پیرۆزی ژمارە حەوت

لە ئێران هەموو ئەو ناوچانەی میترا پەرست بوون ژمارەی حەوت پیرۆزی تایبەتی لەلایان هەبووە.

بۆ نموونە لای میترائییەکان حەوت میوە پیرۆز بووە، لەوانە: هەنار، زەیتوون، ترێ، باوی، بەهێ.

جاحظ دەڵێت (٦٥): لە جەژنی نەورۆز میهراییەکان حەوت بەش (لەفە) میوەیان لەسەر سینییەک دادەنا و بۆ پادشای ساسانییەکانیان دەبرد.

پیرۆزی جەژنی میهرگان: دەربارەی جەژنی میهرگان بەهمەنی بەهرامی دەڵێت(٦٦): جەژنی میهرگان (میتراکان) لە یەکەم ڕۆژی پاییز دەکرێت و بە جەژنێکی گەورە دەژمێررێت و نەورۆز بە پێی وەسفی (میترا) گەورەترین جەژنی ئێرانی و هندییە، یان (میثرا) کە شەش ڕۆژ درێژە دەکێشت.

جەژنی میهرگان لە سەردەمی ساسانییەکان کە گوشاری زۆر لەسەر میتراییەکان هەبوو بە نهێنی دەکرا، یان ناوی تریان لی دەنا.

لە ڕۆمستان و ئەوروپا لە ٢٥ی کانوونی یەکەم جەژنی میهرگان دەکرا، کە میهرپەرستی لەوێ بڵاوبووبووەوە، پاشان کرا بە ڕۆژی لە دایکبوونی عیسا پێغەمبەر.

### هاودەمەکانی میترا:

هەڵبەتە هەر پیاوچاکێک، یان پەیامبەر و پێغەمبەرێکی ئایینی لە ماوە و سەردەمە جیاجیاکاندا دەرکەوتووە، هەر لە دێر زەمانەوە، چەند یار و یاوەری هاودەمی خۆی هەبووە، بۆ پەخش و پەرەپێدانی بیروباوەڕەکەیان لە ناو کۆمەڵگاکەیاندا، بەڵکو زیاتر سنووری کۆمەڵگایشی بەزاندبێت، وەک هەریەک لەو یار و یاوەرانە پلە و پایەی تایبەتی پێ دەدرا، تا ئەرکی خۆی لەو بوارەدا بنوێنێ. میتراش لە سەردەمی خۆیدا کە دەرکەوتووە یار و یاوەر و هاودمی خۆی هەبووە، کە هەریەکەیان پایە و پلە و ئەرکی تایبەتی خۆی هەبووە، وەک ئیڤانۆڤ بەوردی باسیان دەکات و دەڵێت(٦٧): میترا پرەنسیپی ڕووناهی و پاکی و بێگەردی و ڕاستی و دروستی و بەرێ و جێی پاراستنی و پادشای دنیایە، وەزیفەی پاراستنی مرۆڤایەتییە و پێوەندییەکە لە نێوان مرۆڤ و خوادا.

### هاودەمەکانی:

أ- ڕەتش Rtish ئارتی Arti، یان ئاشی Ashi ژنی یەکەمیەتی، کرایە کچی ئاهورامەزدا، ڕەتیش، نموونەی سیفەتی ڕاستودروستی و بەرێ و جێی نیزامە، تا هاتووە زووتر لەگەڵ (ئارد ڤیسورا) ئەناهیتا خواوەندی خێر و بەرەکەت یەکی گرتووە.

ب-پارەندی Parandi ژنی دووەمیەتی یەکێک بووە لە نۆ ژنەکەی ئاهورامەزدا، خواوەندی موڵکایەتی و سەروەت و سامانە.

ئەو دوو مێینەیە هەمیشە وەک درێژ بوونەوە، یان نیشاندانی سروشتی میترا وەک هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆر باسیان لێ کراوە.

ج- سرۆشۆ Srosho، یان سرەوش Sraosh هاودەم و یاری سەرەکی میترایە بە شێوەی بەرجەستە بوون و بەرفرمان بوونی ڕەها باسی لێوە کراوە (مل کەچ بوون،

یان دڵسۆزی).
هەندێ کـارناسی ئەڵمـانی وەک هەرتل Hertel بە سەرۆکی پۆلیسـان، یان سـەرۆکی جاسووسـان (گـوێی میترا) دەشوبهێنن.
(ڕەنگە نازناوی گـوێی مـیـتـرا لە ئایینـدا مـانای ناوبژیکـار بگـەیەنـێ، کـــە تکـا و نزا و پـاڕانەوەی مرۆڤایەتی ستەمدیدە بۆ خوا نەقڵ بکات).
د- ڕاشنو Rashnu خزمـەتکارێکی دیکەیە، نموونەی عـەدالەت بووە، نەک هەر مـیـتـرا دەپارێزێ، بەڵکـو مرۆڤایەتی ئازاردیدە لە ناعەدالەت دەپارێزێ، لە تەنگانە و دژواریدا چارەسـاز و دەسـتی یارمـەتی و هاوکـاری بۆ ئەوانە درێژ دەکات. (مرۆڤی ستەمدید).
هـ- ئاژویەکی (دەمویش و ئوپەمەنو -Damoish Vpa mano)
ڕاز و سەروسیمای بەرزاییەکانی هەبووە
لە زەینی ڕێکوپێکی ئەڵمـانەکاندا، پیـاوکوژی میـترا بووە، وەزیفەی سەرەکی ئەو سزادان بووە.

## میتراو مەسیحییەت

کەمال نووری مەعـرووف لە فـارسییـەوە گۆڕیویەتی بۆ کوردی. لەبواری پێشنەیەکی مێژوویی سەبارەت بە ئایین و مـەزهەب لە ئێـراندا. لە نووسـینێکدا دەڵێت (٦٨): میهر، یان میترا کە لە ئایینی هیند و ئێرانیدا خواوەندی ڕۆشنایی و دادوەری و ڕاسـتی و پەیمانە و لەگـەڵ خـوای خـۆری بابلیـدا هاوسـەنگە و لە ئایینـەکـانی ئێـرانی کۆنیشـدا هەبووە. خۆرپەرستـان لەگەڵ یەکتردا برا و هاو پەروەردەیی بوون و خزمی یەکـتـر بوون و لە باوکـێکەوە داوەت کراون. ئایینی خۆرپەرستی لە ئێرانەوە بەڕۆم ساز کراوە، لە خۆرپەستیدا حەوت پلە هەیە، هەر پلەیەکیش نزا و تەعـمـیـدی پێـویسـتی هەیە کـە لەسـەر بنەمـای شووشتنی مەسیحییەکان هاتووە، ڕۆمییەکانی کۆن ڕۆژی یەک شەممە کە دوایی مـەسـیـحـیـیـەکـان کـردیانە جەژن، تایبەتە بە خۆری زانست و بە پیرۆز ژمێرراوە. هەروەک دەوڵەتی ڕۆم ئایینی مـەسـیـحی لە سـەدەی چوارەمی زایینیدا بەڕەسمی ناساند، بەڵام لەچوار سەدەی یەکەمدا مـەسـیـحـیـیـەت ئایینی گومناو بوو و دروشـمـەکـانی و کـارەکـانی دەرکـەوتوو نەبووە. هونەر و وێنەکـانی خۆرپەرستیش لە ڕۆم مانای مەزهەبی پێشووی ڕۆمییەکان بووە، کـە بە هەمـان شـێـوە بۆ ناو مـەسـیـحـیـیـەتیش گوێزراوەتەوە.
تا سەردەمێک کە دەوڵەتی ئیمـپراتۆریەتی ڕۆم ئایینی عیسـاییـەکانی بە ڕەسمی وەرنەگرتبوو، عیسـاییـەکانی ئێران لە ئارامیدا بوون، بەڵام کاتێک (قوستەنتینییە) بە عـیـسـاییـەتەوە گرێ درا، بارودۆخ گۆڕانکاری بەسەردا هات.

## قۆناغەکانی پێ گەیشتن لە ئایینی میترائیزمدا

(بڕوانە بەهەمـەنی بەهرامی بە وردی باسی لێـوە دەکات و دەڵێت (٦٩):
١- کـلاغ: پەیام ئاور لە جیـهـانی مـیـتـافـیـزیکی. (هەوا، با، تایبـەتە بەم). مـەقـامی کـلاغ: نۆشـینی شەرابی هوم و خوێندنی سروود و مەقـاماتی ئایینیـیە، دەم و چاوی خـۆیان دەپۆشن و لەم ئەڵقـەیەدا ئافـرەت بەشداری ناکات.
٢- هەمسـەر: ئاو تایبـەتە بەم، بۆ ئەنجامـدانی کـاری تایبەت و دیاریکراو، نیشانە چرایە، یان مەشخەڵ.
٣- سەرباز: لەم قۆناغەدا بوونە بە ئەندام بە فەرمی لە مـیـهـرپـەرسـتی، ئەندام شـمـشـێـریکی پێ دەدرێت لەگـەڵ تاجی سـەر. توخمی خاکە بۆ جەنگ. جلی بەری ڕەنگی قـاوەییە، مـەقـامی سەرباز درک کـردن بە نهـێنییـەکـانی دەرچوونە لە ڕیزی سوپای خوداوە.
٤- شێر: بەرزترین پلەیە، دەبێت بەهێز بێت، توانایی دەکەوێتە ژێر تاقیکردنەوەوە، دەبێت دەست پاک و زمان پاک بێت، ئاگر هێمای شێرە، جلی ئەرخەوانییە.
٥- ديندار: پلەیەکی ڕوحـانیـیە، هێـمـای داسـە، واتە دڵسۆز و سەربەست، ڕەنگی جلی خاکییە.
٦- هەگبـەی خۆر: بەرکی سـوورە و پشـتـوێنی زەردە، نیشانەی قامچی و بازنگەی پرشنگدارە، هێمای خۆرە.
٧- پیر: هێمای خودی میهرە.
هەر مـیـهـرپـەرسـتێک لە بواری ئایینی مـیـتـرائیزمـیدا بیـەوێ بگاتە دوا قۆناغ کە پلەی پیرە، دەبێت ئەم حەوت قۆناغە ببڕێت و قبوولی بکات.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١- تاريخ اسـلاف الكورد، د. احـمـد مـحـمـود خليل، لا٧،

٢٠١٣م اربيل، م. موكريان، ط١.
٢- تاريخ الديانة الزرادشتية، عبدالله مبلخي العباداني، ل١٦ات من الفارسية وريا قانع، تعريب عبدالستار قاسم كلهور، ط١، ٢٠١١م، م خانى دهوك، ١٦.
٣- ميترائيزم با ارتبات يارسان، بەهمەنی بەهرامی، ل٢٣، ٣٢، چ١ ٢٠١٠ز، چ ڕۆشنبیری هەولێر.
٤- مێژووی کورد و کوردستان، محەمەد مەردۆخ، ل٢١، ساڵی ٢٠١١ز، هەولێر چ١، و.زانەر ڕۆژهەڵات.
٥- فەلسەفە و ڕامانی یارسان، جەمال نەبەز، ل٩.
٦- تاريخ الديانة الزرادشتية عبدالله مبلخي العباداني، ل١٣.
٧- مێژووی نەورۆز و کرۆنۆلۆژیای ئێران، نووسینی عبد العزيم ڕەزایی و. شەریف.فەلاح، ١٣٢٠.زل٢٥٥، چ١ د.موکریان.
٨- ڕۆژنامەی جەمهووری بەغدادی، ساڵی ١٩٧٠ ز، ل٣.
٩- مێژووی نەورۆز، و.شەریف فەلاح، ل٢٨٨ی.
١٠- ڕووناهی زەردەشت، فەلەکەددین کاکەیی، چاپی (١) هەولێر، ل١٩، چ. ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١١- مێژووی نەورۆز، و: شەریف فەلاح، ل٢٨٨.
١٢- تاريخ اسلاف الكورد، د.احمد محمود خليل، ل٩٩
١٣- میترائیزم، بەهمەن بەهرامی، ل١٤.
١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.
١٥- تاريخ اسلاف الكورد، أحمد محمود خليل، ل٧٧.
١٦- العلويون ابراهيم الداقوقي، ٢٠٠٩ز، ل٤٠، تقديم فلك الدين كاكەيی، ط١، ٢٠١٠ز، م، ئاراس.
١٧- فەلسەفە و ڕامانی یارسان، د. جەمال نەبەز ل١٦.
١٨- مملكة ميديا، احمد محمود خليل، ل١٤ ٢٠١١م، م. ڕۆژهەڵات، اربيل، چ١.
١٩- مێژووی کورد و کوردستان، محەمەد مەردۆخ، ل١٩، ٥٣.
٢٠- مێژووی بلوچ و بلوجستان، میر ئەسیرخان ئەحمەد زەی بلوچ، ل٢١٨، ساڵی٢٠٠٥ز، و.هیوا ئەحمەد زەندی، چ١، هەولێر، چ. ئاراس.
٢١- ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان، د.ڕەشاد میران چ٢، ساڵی٢٠٠٢ز، هەولێر.
فەلسەفە و ڕامانی یارسان، جەمال نەبەز، ٢٠٠٩ز، هەولێر، ل١٩.
٢٣- پیروانی ڕاستی، ئیڤانۆڤ، ١٩٥٣ز، و: ئاسۆ کەریم ٢٠٠٣، هەولێر، چ١، ل٢٩، چ ڕۆشنبیری.
٢٤- میترائیزم، بەهمەنی بەهرامی، ل٣٩.
٢٥- فەلسەفە و ڕامانی یارسان، د جەمال نەبەز، ل١٩.
٢٦- میترائیزم، بەهمەنی بەهرامی، ل١٧٤.
٢٧- ڕۆژنامەی خەبات ژ.٤٤٩٧ ل ١١، کەمال نووری مەعرووف.
٢٨- فەلسەفە و ڕامانی یارسان، جەمال نەبەز، ل١٧٤.
٢٩- زەردەشت مەجدی کامل، ل١٣، کەرکوک د. جەمال نەبەز، ل٩، ٢ ٢٠١١ز هەولێر.
٣٠- مێژووی نەورۆز، شەریف فەلاح، ل٥٠.
٣١- ساڵپێوی ئاریایی کوردی، تەیب یاهری، ل٢٧٨، ٢٠١٠ز، هەولێر، چ١ و. هاوار بەهمەنی، چ. ڕۆژهەڵات.
٣٢- پیروانی ڕاستی ن. ئیڤانۆڤ، ل١٠٠.
٣٣- موسوعة الاديان الحية في العالم، عبدالرحيم الماردينى، ل٦٦، ٢٠١٠ز، هەولێر.
٣٤- گوڤاری لوڕ، ژ٢، ل٢٦٠، ٢٠١٠ز، سلێمانی، گۆڤارێکی وەرزییە سەنتەری هاوبەشی لوڕ دەری دەکات.
٣٥- میترائیزم، بەهمەن بەهرامی، ل٣٦.
٣٦- پیروانی ڕاستی ن. ئیڤانۆڤ، ل٦٠.
٣٧- تاريخ اسلاف الكورد، احمد محمود خليل، ل١٨٧، ٢٠١٣م اربيل، م.موكريان.
٣٨- زرادشت، عبدالله مبلخي العباداني، ل٢١.
٣٩- ڕووناهی زەردەشت، فەلەکەددین کاکەیی، ل١٦.
٤٠- پیروانی ڕاستی ن. ئیڤانۆڤ، ل٢٣.
٤١- هەمان سەرچاوە، ل٢١.
٤٢- ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان د. ڕەشاد میران، ل٢٧، ٢٠٠٠ز، چ٢، کتێبی سەنتەری برایەتی، کوردستان.
٤٣- پیروانی ڕاستی، ن. ئیڤانۆڤ، ل٦١.
٤٤- هەمان سەرچاوە، ل٢٦.
٤٥- زرادشت، عبدالله مبلخي العباداني، ل٢٦.
٤٦- میترائیزم، بەهمەن بەهرامی، ل٢٨٦.
٤٧- زرادشت، عبدالله مبلخي العباداني، ل٢٦.
٤٨- فەلسەفە و ڕامانی یارسان د. جەمال نەبەز، ل٢٠، ٢١.
٤٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٢.
٥٠- موسوعة الاديان الحية في العالم عبد الرحيم ماردينى، ل٦٧.
٥١- اليزيدية بقايا دين قديم، جۆرج حبيب، ل٢٩، ط١٩٧٨م، مطبعة المعارف بغداد.
٥٢- میترائیزم، بەهمەن بەهرامی، ل٥٧.
٥٣- هەمان سەرچاوە، ل٢٩.
٥٤- پیروانی ڕاستی، ن. ئیڤانۆڤ، ل٢٩.
٥٥- فەلسەفە و ڕامانی یارسان، د.جەمال نەبەز، ل٢٠.
٥٦ - ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان د. ڕشاد میران، ل١٣٧، چ١ ٢٠٠٠ز، هەولێر.
٥٧- میترائیزم، بەهمەن بەهرامی، ل٢٨٦.
٥٨- فەلسەفە و ڕامان، د.جەمال نەبەز، ل٢٠.
٥٩- اليزيدية بقايا دين قديم، جۆرج حبيب، ل٤٢.
٦٠- پیروانی ڕاستی، ن. ئیڤانۆڤ، ل١١٣.
٦١- میترائیزم، بەهمەن بەهرامی، ل١٨٤.
٦٢- پیروانی ڕاستی، ن. ئیڤانۆڤ، ل١١٣.
٦٣- هەمان سەرچاوە، ل١٢١.
٦٤- هەمان سەرچاوە، ل١٢٧.
٦٥- الجاحظ (المحاسن والاضداد) ساڵی ٢٢٥ ک.
٦٦- میترائیزم، بەهمەن بەهرامی، ل٢٥٤.
٦٧- پیروانی ڕاستی، ن. ئیڤانۆڤ، ل٦١.
٦٨- ڕۆژنامەی خەبات، ژ٤٤٩٣، ل١١ کەمال نووری مەعرووف.
٦٩- میترائیزم، بەهمەن بەهرامی، ل١٧٩.